
Sorani

# بۆ سبەینێیەکی باشتر دەنگ بە پارتی چەپی سۆسیالیستی (SV) بدەن!



SV

Løpeseddel-bedre hverdag_ulike språk.indd 5 24.06.2025 14:31

## بۆ سبەینێیەکی باشتر دەنگ بە پارتی چەپی سۆسیالیستی (SV) بدەن!

یەکێک لە گەورەترین شتەکان دەربارەی نەرویج ئەو ئاستە نزمەی نایەکسانیی ئابوورییە کە لەنێوان مرۆڤەکاندایە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا شتێک گۆڕاوە. نایەکسانی گەشەی سەندووە. لە نەرویج هیچکات بەقەد ئەمڕۆ ملیاردێر بوونی نەبووە. لە هەمان کاتدا، ژیان بۆ زۆربەی خەڵک زۆر سەختتر بووە.

هەموو شتێک گرانتر بووە. بە سادەیی لە پێشتر قورسترە بە داهاتێکی ئاسایی ژیانێکی ئاسایی بژیت.

کاریگەرترین ئامراز کە بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەمانە دەوڵەتی خۆشگوزەرانییە. بەڵام لەژێر فشاردایە. نەک هەر دەبێ بیپارێزین – بەڵکو دەبێت بەهێزی بکەین و فراوانتری بکەین. پارتی چەپی سۆسیالیستی (SV) خزمەتگوزاریی کوالیتیی بەرز لە قوتابخانەکان، باخچەی ساوایان و نەخۆشخانەکان بۆ هەمووان مسۆگەر دەکات، لەگەڵ ستافێکی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکە. ئێمە دەمانەوێت یارمەتییەکانی منداڵان زیاد بکەین، دڵنیایی بدەین لەوەی هەموو منداڵێک دەتوانێت بچێتە باخچەی ساوایان و گەرەنتی چاودێریی بێبەرانبەری ددان بۆ هەمووان بکەین.

ژینگەی سروشتی نەرویج بە شێوەیەکی بەرفراوان لەناو دەچێت. لە هەمان کاتدا، ئێمە لەبەردەم قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوای جیهانیداین. نەرویج دەبێت پێشڕەوی بکات و کاری خۆی ئەنجام بدات. دەبێت واز لە کردنەوەی کێڵگە نەوتییە نوێیەکان بهێنین و ئێستا هەنگاو بنێین بۆ پاراستنی هەلی کار، هەمەجۆریی زیندەیی و دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە سروشت.

پارتی چەپی سۆسیالیستی (SV) پاڵپشتی ئەو کەسانە دەکات کە شەڕ و نادادپەروەری کاریگەری لەسەریان درووست کردووە. ئێمە کاردەکەین بۆ زیادکردنی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ململانێکانەوە هەڵدێن و هەموو هێرشەکانی سەر دیموکراسی ئیدانە دەکەین – وەک ئەوانەی لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ لە ئەمریکا بینیومانە. ئێمە هەرگیز دەستبەرداری شەڕی درووستبوونی فەلەستینێکی ئازاد نابین و پاڵپشتیی ئۆکراینییەکان دەکەین لە گەیشتنیان بە ئازادی.

ئایا تۆش لەگەڵ ئەوەدایت؟ لە 8ی ئەیلول دەنگ بە پارتی چەپی سۆسیالیستی (SV) بدە!

**Sosialistisk Venstreparti**
Møllergata 4, 0179 Oslo
21 93 33 00
post@sv.no
sv.no

**Bli medlem i SV her:**

Løpeseddel-bedre hverdag_ulike språk.indd 6 24.06.2025 14:31